# گەنجو گەوهەری گەنجێتی

ئەرسەلان مەحمود



هەر ئەوکاتە مرۆڤ، دەتوانێ ئەقلانەو لۆژیکیانە بیربکاتەوەو گفتوگۆ بکات کەخوێندنەوەو تێگەیشتنێکی بابەتیانەی لەسەر شێوازو ئامانجی ئەو وتووێژە هەبێ کەدەیەوێت ئەنجامی بدات، بۆلێك تێگەیشتن‌و خولقاندنی کەشێکی نوێ، تەندروست نیە عەقڵ کەناگیربکرێ‌و بخرێتە ناوسنورو نەزمێکی چوارچێوەداری کۆنەوە، یان لەگەڵ ئەو بیروڕایانەی لەپێشوەختدا ناسێندراون، قەتیس بکرێ، چونکە مومکین نیە دوو جیهانی لێکتر جودا هەروا سادەو عەفەویانە وێك بێنیتەوە، کەوابوو عەقڵ بەتەنها خۆی لەو پەیوەندییەدا دەبینێتەوە کەدەبێ لەگەڵ یەکتریدا دروستی بکەین‌و لەگەڵ یەکتریدا بیبەستین، چونکە ئەوپەیوەندیانەی کەگفتوگۆی ئازادانە لەجێی ستەم‌و کوشتن‌و چەوساندنەوەو ڕەفزکردنی ئەوانی دی بەرامبەر دەخەنەوەو جۆرێك لەژیان‌و دنیابینی ئەقلانە بونیاد دەنێت..

بۆیە ئەگەر بیروباوەڕێك بێ‌و بیەوێت هەموومان لەچوارچێوەی مۆدیلێك، بەتایبەتیش ئەومۆدیلانەی پەیوەندی‌و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دنیابینی نەسلی کۆن‌و نەوەی نوێ هەیە بەرێت بەڕێوە، جگەلەوەی باوەڕێکی توندڕەوانەی ناتەندروستی خستۆتەوە، خوازیاری درێژکردنەوەی تەمەنی دیاردەو دەرکەوتە باوەکانی کۆمەڵگاکەشیەتی، دەیەوێت مەوداکانی نامۆبوونی تاك تاکەی پێکهاتە ئاکارییە کولتوری‌و کۆمەڵایەتیەکان بەرین‌و فراوانتر بکات، دەیەوێت باوەڕبەخۆبوون، لەهزرو زەینی تاك بەتایبەتیش تاکی تازەپێگەیشتوو ئامادە، بکوژێ‌و شوناسی کەسێتی لەنەهامەتیەکەوە بەرەو سەرگەردانیەکی لەبن نەهاتوو ببات، کەوابێ گەنجی ئەمڕۆ، ئەونەوە تازەیەی زۆربەخێرای ئاوێتە بەم سەردەمە نوێیە دەبێ، دەبێت لەوحەقیقەتە تێبگات کەجگە لەخۆ ڕۆشنبیرکردن‌و بەرزکردنەوەی توانا هزریەکانی هیچ چەکێکی بابەتیانەتری لەبەردەستدا نیە وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لێوەبخولقێنێ، بەمەش جگە لەخۆئامادەکردن‌و بەشداری نواندن‌و سەرفکردنی توانا مەعنەویەکانی هیچی دیکەی لەدەست ناچێت‌و سەرئەنجام ئەو خۆهیلاککردنەش هەر دەکەوێتەوە خزمەت ئەو ئایندەیەی خۆی دەیەوێت دەستەبەری بکات، باشترین دەستپێکردنیش تێگەیشتن‌و خۆخوێندنەوەیە، چونکە ئەگەر تاکێك یان هەرگەنجێك بیەوێت لەگەوهەری گەنجێتی خۆی تێبگات، دەبێ سەبارەت بەمانەوەو خۆڕاگری هێزە کولتوریە کۆمەڵایەتی‌و داب‌و نەرێتە باوەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی هەستێکی تەندروست‌و خوێندنەوەیەکی لۆژیکی‌و عەقلانی قوڵی هەمەلایەنی هەبێت. هەروەك چۆن ئەگەر ئەوگەنجە بیەوێت، لەشۆڕش‌و ڕێچکەو ڕێبازە شۆڕشگێڕیە فرە ڕەهەندو ئایدیاکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆش، بەوپێوەرەی ئێمە هێشتا قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیمان نەبڕیوە، تێبگات‌و خوازیاری ئەوە بێت مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ‌و نەسلی بەر لەخۆی بناسێت، دەبێ سەبارەت بەئایندەو ڕێڕەوی پێشهات‌و گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی مرۆڤایەتی‌و هیچ نەبێ کۆمەڵگاکەی خۆی، لەهەوڵی بەشداریکردن‌و بەدەستهێنانی باشترین جۆری زانیاریە بابەتیەکان نەکەوێت، بەمەبەستی زانینی چییەتی ڕاستەقینەی گەنجێتی خۆی، دەبێ تێبگات کەئەو تەنها هەر چەمکێك نیە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو، ئەو بەشێکی بنەڕەتی و تەنانەت سەرچاوەی چالاکی نواندنی بێ‌وچان‌و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریشە، چونکە دواجار گۆڕان‌و گۆڕانکاریەکان لەدەست‌و مستی ئەوانەوە روەردەچەرخێن، لەوهێزو هزرە نوێیەوە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کولتوریەکان، دەخەملێن‌و ڕوو دەدەن، گەنجێتی هەر ئەوەنیە بپارێیتەوەو لەڕێگەی فڕێدانی قسەو گوتاری زلەوە داوای مافەکانت بکەیت، دەبێ ئەو ئامادەبێ‌و ژیرانەو بەدیقەتەوە، ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات کەلەمپەرو ڕێگری لەدەستەبەرکردنی ماف‌و ئازادیە خەیاڵی‌و جەستەیی‌و ڕۆحیەکانی دەکەن، دەبێ بزانێ ئازادی بێکۆت‌و بەند، مومارەسەی غەریزە ئینسانیەکان، لەکوێوە گیریان خواردووە، دەسەڵات‌و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگان، یان یاسا کارپێکراوەکانی ئێستای باری کەسێتی‌و نەبوونی فەلسەفەیەکی بابەتی دراسی‌و نەبوونی پەروەردەیەکی سەردەمی هاوچەرخ، هەربەڕاست شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ‌و کاربەدەستەکانی ئەمڕۆن، گەنجیان لەگۆشە نەناسراوو نەزانراوە بەسەرچووەکانی ڕابووردووی خۆیاندا ونکردوە!..یان کاریگەریە بۆماوەیەکانن کەتاهەنووکەش وانیشاندەدەن، باوباپیرانمان نەمردوون‌و تەنانەت لەناوماندا حوکم دەکەن‌و دەژین، ئەگەر کولتوری باوو بەهۆکارو نەسلی دوێنێ بەخەمسارد، سنوردار بکەین‌و وا لێکبدەینەوە، ئەوان کەهاتوون جگە لەگۆڕانێکی سیاسی‌و دەستەبەرکردنی هەندێ دەستکەوتی نەتەوەی گەورە، بایەخێکی ئەوتۆیان بەکاڵکردنەوەی کاریگەریە بۆماوەییە کولتوری‌و کۆمەڵایەتیەکان نەداوە، دەبێ ئەوەش بزانین، ئەوانەی لەبەهەشتی ونکراو دەگەڕێن‌و هیوا بەداهاتوویەکی باشترو تەندروستتر دەخوازن، بۆئەوەی ئەمجۆرە ژیانە لەم سرووشتەدا نەکوژن، بەم شێوەیەی ئێستای کەگەنج باس لەبێ مافی دەکەن، وا دەردەبڕن کەژیانیان لەقەدرو قیمەت کەوتووەو مەرگە مژییێك بۆ ئەوان هاتۆتە ئاراوە، پێویستە لەوە تێبگەن کاریگەریە بۆماوەییەکان، خاڵی بوونەوەی کۆمەڵگا لەگوناهی نادادی‌و نابەرابەری‌و خوڕافیاتدا، بەخۆ خەریك کردن بەگوتارە بێ بنەماو لاوەکیەکان‌و بەخۆ ڕزگارکردن لەدەست (نیشتیمان )و جوینەوەو کاوێژەکاریە پڕوپوچەکان، بەدژایەتی بەها نیشتیمانیەکان، بەداماڵین‌و خاڵیبوونەوە لەئینتیما نەتەوەییەکان، بەبێ ئیرادەیی‌و نەمانی گیانە مەعنەویەکان، نەلەمپەرە باوو بۆماوەییەکان تێك دەشکێن‌و نەئەو ژینگەیەش هەروا سادەو بێ ئامادەگی گەنج، نۆژەن‌و ئۆقرەیی لێدەکەوێتەوەو گەنج دەبێ خۆی خولقێنەری ئەوبەهەشتەبێ کەخوازیاریەتی‌و ڕۆژانە دەیلێتەوە.. ئەوکاتەی تۆ دەتەوێت مافەکانت، ئازادیەکانت، هاوڕێڕۆیشتنێك لەگەڵ سەردەمەکەدا، بەدەست بهێنی، تەنانەت ئەو شتانەی کەدەستی مرۆیان ناگاتێ‌و لەئاسمانەکاندان، مسۆگەرو بەرجەستەیان بکەی، دەبێ لەو سرووشت‌و خولیایانەی خۆت بەئاگابی‌و بەشوێن ئاوی ئەو ژیانەوە، سەنتەری نەخش‌و پەخشی داهێنەرانەو بیری خۆبەدەستەوە نەدان‌و ئەسپی باوەڕ بەخۆ بوونت لینگ بدەیت‌و بەوە ڕازی نەبی، تاك‌و نەوەیەکی لەپەراوێزدا هەڵسوڕاوت لێبکەوێتەوە، ناکرێ خۆت بخەیتە نێو چوارچێوەو ژێرکاریگەری پەروەردەو بارە دەرونیە دەق گرتووەکانی کۆمەڵگاکەت، چونکە ئەوەی کەگۆڕانی ڕاستەقینە دروست دەکات‌و جیهانێکی نوێ لەوەدەستخستنی ماف‌و ئازادیە خوازراوە فەردیەکان دەخولقێنێت، ڕوانگەو تێگەیشتن‌و گەشبینی‌و باوەڕ بەخۆبوونن. ئەگەر خۆبەستنەوەش بەچارەنوسی تاك تاکەی هاونیشتیمانیەکانت وەك خۆیان دەڵێن، بەیەکێك لەباڵاترین هۆکارگەلی ئەوسەرگەردانیەی گەنج باسی لێوەداکات، چونکە ئەو خوازیاری خودگەراییەو تەبلیغاتیش بۆئەوە دەکات لێکبدرێتەوە، بێگومان دەبێ ئەوڕاستیەش لەبەرچاوبگرێت کەهەرجۆرە پەلەکردنێك بۆ تێگەیاندن‌و قایلکردنی ئەوانی دی لەو مەیلکردنە یەکێکی دیکە لەهەرە کێشە ئاڵۆزو ترسناکەکانەو دووبارە پێویست دەکات بۆ لۆژیك‌وئەقلانیەت‌و بەشداریکردنێکی کارا، بگەڕێتەوە..

# دڵخۆش محەمەد غەریب:
# ئێمەی ئافرەتان تۆزێك ترسنۆكین



لەدایك بووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٦، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكان بەشی شێوەكاری ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧. خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە بەناوی ( هێژا، هەنار)سەرپەرشتیاری هونەریە لە چالاكی قوتابخانەكان، بەمەبەستی گفتوگۆیەكی لەسەر هونەری شێوەكاری زنار میوانی خاتوو دڵخۆش بوو.

**دیمانە: خەبات محەمەد**

زنار: سەرەتای كاری هونەریت بۆ كەی دەگەڕێتەوە

دڵخۆش محەمەد: من هەر لەمنداڵیەوە بەهرەمەند بوومو بەرەبەرەو لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەن چەكەرەی كردوو تا گەیشتمە قۆناغی ناوەندی باشتر گەشەم بە بەهرەكەمداو لە پەیمانگاش كامڵ بوو. لەو قۆناغەی خوێندندا بەشداری ڤیستڤاڵی ساڵانەم كردووە.

زنار: لە چ بوارێكدا.

دڵخۆش محەمەد: وێنەكێشانو بەتایبەتی وێنەی سروشتی.

زنار: چ ستایلێك.

دڵخۆش: زۆرێك لەو كارانەی دەیانكێشم زیاتر بۆ ئافرەتە ئەو ستایلانەی كاری لەسەر دەكەم حەز دەكەم خزمەتێك بێت بە ئافرەتان.

زنار: حزووری ئافرەتی كورد لەو بوارەی هونەردا چەندە.

دڵخۆش: بەشێوەیەكی بەرچاو باشە بەلگەشم ئەو ژمارە زۆرەی پێشانگا تایبەتیانەن.



زنار: ئەوەندەی ئافرەت لەبواری شێوەكاریدا ئامادەی هەیە لەبواری نواندندا كەمترە بۆ.

دڵخۆش: كۆتو پێوەندەكانی كۆمەڵ بەرپرسن.

زنار: بەڵام ئەویش هەر بوارێكی دیكەی هونەرە.

دڵخۆش: جۆری كاركردنەكە دەور دەبینێ، لەماڵەكەی خۆتدا دەتوانی دەیان كاری جوان بەرجەستە بكەی دوور لەچاوی كۆمەڵگا، هونەری نواندن راستەوخۆ دێتە بەرچاو زیاتر دەبینرێ، زۆرتر تەركیزی لەسەرە زیاتر بەرەو رووی تیرو توانج دەبێتەوە.

زنار: كەم دەردەكەوی هۆكەی.

دڵخۆش: من یەكەمجار لەدەرەوەی شار لە رانیە لە قوتابخانەی وەك مامۆستا دامەزرام، كێشەی زۆربەی دەرچووانی بوارە هونەریەكان بەزۆری ئەوەیە كە لەدووری شار دادەمەزرێن زۆربەشیان لەبوارەكەی خۆیاندا وانە دەڵێنەوە ئەوەش بۆخۆی كێشەیە، من ئێستا كۆمەڵێ كاری هونەریم ئامادەیە لەداهاتوودا دەیبینن، هەرچەندە بەراستی كاری دایكایەتیش لەمەجالی زۆر كەم كردۆتەوە، بەڵام من هەر بەردەوامو بەردەوام دەبم. لەرابردووشدا لەچەند پێشانگایەك بەشداریم كردووە لە (٥) پێشانگای هاوبەش جگە لەوەش ساڵانە پێشانگای پۆستەر هەیە لە چالاكی قوتابخانەكان هەموو ساڵێ بەشداریم كردووەو بە پلەی نایاب كارەكانم قبوڵ كراون.

زنار: هاوكاری دەزگا بەرپرسەكان بۆ هونەر وەك پێویستە.

دڵخۆش: من بەش بەحاڵی خۆم هیچ جۆرە هاوكاریەك نەكراوم، ئەو هاوكاریانەی دەكرێن نا عەدالەتی زۆری تێدا هەیە بەهیچ جۆری ئاوڕی لێنادرێتەوە، هەشە لەڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازیشە كەچی بەردەوام هاوكاری دەكرێ. هاوكاری ئێمە هاوكاری هونەری نیە. من لەماوەی كاركردنم وەك مامۆستا دەیان منداڵم پێگەیاندووە كە دواتر كاری زۆر جوانیان ئەنجام داوە ئەوە بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵیو سەربەرزیە.

زنار: چ بەهونەرمەندانی ئافرەتی شێوەكار دەڵێی.

دڵخۆش: داوایان لێدەكەم كاربكەن، تەنها كاركردنە بەرەو لوتكەیان دەبات، مادام هونەرمەندن با خزمەت بكەن چونكە من پێموایە تەنها هونەرمەندانن كە راستگۆیانە لەخزمەت نەتەوەكەیاندان بێ چاوەڕوانی پاداشت.

زنار: پێت وانیە راگەیاندنەكانیش لە ئاستی ئێوە كەمتەرخەمن.

دڵخۆش: زۆر بەداخەوە زۆر كەم دەزگاكانی راگەیاندن گرنگی بە كاری ئافرەتان دەدەن دەبێ ئەوە بزانین كە هونەرمەندانی ئافرەت بواری كاركردنیان كەمتر بۆ رەخساوە، دەرفەتیان كەمترە تا هونەرمەندی پیاو بۆیە دەڵێم حەق وایە زیاتر ئاوڕ لە ئافرەتان بدەنەوە. من دەبیستمو دەبینم بەقسەو بە ریكلام باس لەمافی ئافرەت دەكەن، هیوادارم ئەو قسە بریقەدارانە واز لێبێنن بەعەمەلیو بەفعلی لەمەیداندا لەمافەكانی ئافرەت چاوپۆشی نەكەنو رێزی لێبگرن.

زنار: بە چ هونەرمەندێكی شێوەكار سەرسامیت.

دڵخۆش: من زۆر بە كارە جوانەكانی (ڤان كوخ) سەرسامم و كاریگەری هەبووە بەسەرمەوە، هەرچەند لاساییم نەكردۆتەوە.

زنار: بیرتان لەوە نەكردۆتەوە لەگەڵ هاوسەرەكەتدا كاری هاوبەش ئەنجام بدەن.

دڵخۆش: من زۆر حەز دەكەمو زۆریش هانی ئەو دەدەم، بەڵام بەراستی بەدەستی ژیانو كاری رۆژانەی ژیانەوە زۆر هیلاكە كەمتر بواری ئیشی هەیە، ئەگەر خوا كردی كەسێك، دەزگایەك هەبوو دەستگیرۆییمان بكات دەكرێت.

زنار: شتێك كە خەونی پێوە دەبینی.

دڵخۆش: تەنها مەرسەمم هەبێو ژیانی كۆمەڵگاكەمان ئاسوودە بێ، نەتەوەكەمان بە ئارامی بژی منیش خەریكی تابلۆكانی خۆم بم من خۆشەویستیم بۆ سەرجەم مرۆڤەكان دەوێت بەتایبەت گەلەكەی خۆم.

زنار: گلەیت لە ئافرەتانی هونەرمەند

چیە.

دڵخۆش: بەداخەوە من کەم‌و کوڕی لە خۆشماندا دەبینم، ئێمە نەمانتوانیوە وەك پێویست نوێنەرایەتی خۆمان بکەن ئافرەتان تەریکن تێکەڵ نابن، تێناکۆشین وەك پێویست زۆر خۆمان تاوانبارین هەر پیاو تاوانبارنین، خۆمان زۆرکەم هەوڵی دەدەین بچینە پێشەوە دەتوانم بڵێم تۆزێ ترسنۆکین.

زنار: ئەگەر بگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵیت.

دڵخۆش: هەر دەبمەوە شێوەکار بەڵام بە شێوەیەکی تر

زنار: چ بە کۆمەڵگا دەڵێی.

دڵخۆش: هیوادارم ڕێز لە هونەرمەندان بگرن، باوەڕیان هەبێ هونەرمەندان ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئەوان‌و هونەرو کولتوری ئەوان تەرخانکردوە، تکایە ڕێز لەو پیرۆزیە بگرن، ڕەخنە بگرن بەڵام ڕەخنەی دروستکەر پشتگیریمان بن تابتوانین خزمەتیان بکەین.

زنار: پەیوەندی لەناو توێژی هونەرمەندان چۆن دەبینی.

دڵخۆش: وەك پێویست نیە، هیوادارم بتوانن یەکتر قبوڵ بکەین، یەکترمان خۆشبوێ.

زنار: ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان تاچەند خزمەتیان بەهونەرو هونەرمەندان کردووە.

دڵخۆش: بەداخەوە نەخێر نەیانکردوە، هیوام وایە کارێك بکەن بتوانن هەموان لەماڵی خۆشەویستی‌و هونەردا کۆبکەنەوە. بەداخەوە نەیانتوانیوە وەك پێویست خزمەت بە هونەرمەندان بکەن.

زنار: پێناسەت بۆ ئەو وشانە چیە

خۆشەویستی: بناغەی ژیانە، دایك: پیرۆزترین وشەیە لای من، وڵات: هیچی لەدایك کەمترنیە، هەنارو هێژا: بەشێکن لە ڕوحی من، سورکێو: هاوسەر، هونەر: سەرەتای شتە جوانەکان، ڕاستگۆیی: ژیان بێ ڕاستگۆی چ مانایەکی هەیە، وەفا: پیرۆزە.

زنار: چیت ماوە بیڵێیت

دڵخۆش: داواکارم ، هیوادارم هونەرمەندان بێنە مەیدان بێدەنگی سوودێکی نیە، هەموو بەیەکەوە جوانین، بابەیەکەوە کاربکەین.. تێبکۆشین کاری جوان بکەین لە پێناو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی کۆمەڵگاکەمان، وڵاتەکەمان.. بەخۆشەویستی دەگەینە ئامانج. تەنها زمان کە لەیەکمان حاڵی دەکا خۆشەویستیە..خۆزگە هونەرمەندە کاربەدەستەکان خوار خۆیان لەبیر نەکەن چونکە ئێمەش بەشێکین لەئێوە. زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری زنار.

# نامەیەك بۆ بەختیار عەلی



پەیوەندعومەر

ئەزیزم سلاو...

چەند ساڵێك بەسەر ئەو دەستگرتنەدا تێدەپەڕێت، کە هاتی‌و بۆ یەکەمجار لەناو ئەو نیگاو ڕوانینە ڕواڵەتی‌و سادانەی خوێندنەوەدا هەڵتگرتین‌و بۆناو تێکستە قوڵ‌و فرە جەمسەرەکان، تاکو فێربین چۆن چێژ لەجوانی بکەین‌و بە چ شێوازێك لەعەشق بڕوانین‌و چۆن لەنهێنی مرۆڤ نزیکك ببینەوەو بە حەزەوە دەست لەشتەکان وەربدەین. سەیرە من لە بۆلێلی ئەم بەیانیەدا نامەیەك بۆتۆدەنووسم، ناشزانم پێت دەگات یاخود نا، بۆشم گرنگ نییە، چوونکە پێش ئەوەی ئەم وشانە بگەن بەتۆ، دەگەنە هەرەمەکانی ئاسودەیی خۆم، پێش ئەوەی نیگات بکەوێتە سەریان‌و لەگەڵ خوێندنەوەیاندا بزەیەك بێتە سەر لێوەکانت، خۆمی لەناو خەنیندا بزرکرد.

ئازیزم بەختیار.. هەنوکە کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، هەردوو ڕۆمانی (ساڵی ئاشوب)و( ئێوارەی پەروانە) بەیەکەوە دەخوێنمەوە، هەرچەندە ئێوارەی پەروانەم پێشتر خوێندبووە- ئای دوو کتێبی چەندە قوڵ‌و مەزنن، چۆن مرۆڤ ون دەکەن‌و چاوشارکێی پێدەکەن. دەمەوێ زۆر متەوازعانە ئەو دوو ڕۆمانە بەراورد بکەم، چونکە تۆ مەحکومی بەوەی ئێوارەی پەروانەت لەو ڕۆمانە وەرگرتووە. ڕاست دەڵێم( تا ساڵی ئاشوب)م بەپایان نەگەیاند، تووشی دڵەڕاوکێیەکی مەزن هاتبووم، ترسم هەبوو، قەلەق بووم، دەترسام لەم دادگایەدا کە بۆ مەحکوم بوونی تۆ دامەزراوە، حوکم بدرێیت، چوزانم ئەمە وەسوەسەیەك بوو هیچی دیکە. بەڵام دواتر کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بوومەوە، لەخۆشیدا دەستەکانم لەیەکدەخشاند، دڵنیابووم، بوهتانی لە شکرەکانی غەدر، لە سێدارەکەی نەقیب خەسرەوی دەچێت کە تەنها ژمارەی مردووەکانی زیاد دەکرد. تۆ هەموو ئەو داوو پەرژینانەت تێکشاند، کە نووسەرو ڕۆشنبیرە حیزبییەکان‌و ئەوانەی ڕاو لەئاوی لێڵدادەکەن، لەنێوان تۆو خوێنەرەکانتدا دروستی دەکەن، بێدەنگی تۆڵە(جاوید)دەچێ کە تامردن بەقوڵی لە شتەکان رادەماو هیچی نەدەگوت. لەڕێگای تێکستەکانتەوە وەك نووسینی سەر گۆزەکانی (حوسەینا)دەچیتە نێوماڵی یەك بەیەکیان‌و دەبیتە ئەو نهێنیە ئاڵۆزەی کە دەبێ بەشوێنیا بگەڕێیت، وەك ئەو دەستە خوشکە تۆبەکارەی بەشوێن (پەروانەو فەرەیدونی مەلەك)دا دەگەران. نهێنی خۆشەویستی تۆ وەك ئەو عەشقە مەزنەی (نوشافەرین)وایە بۆ(حوسەینا)وەك ئەو هێزە سیحراوییەی (نەسرەدینی بۆنخۆش)وەهایە کە لە ساڵی هەڵوەرین‌و سوتانی عاشقەکاندا عیشقستانی)پێ دۆزیەوە. وەکو( مستەر مەلکوم) کە دەیەوێت بە فەنتازیاو خەیاڵەکانی (کافر قەلاو)کێوی (پێغەمبەران) بەیەك بگەیەنێ.

تۆش لەناو ئەو هەموو ئایدۆلۆژیا دژو دەسەڵاتدارانەدا دەردەکەویت‌و هەمان گەمەی بۆنخۆش دەکەی. ڕەنگە نهێنی نوسینی ئەم نامەیە، لەم بۆلێلی بەیانیەدا کە بەشێکی پڕە لە زوڵمات‌و بەشێکیشی لەباوەشی ڕوناکیدا دایە، ئەوەیە کە تەمی بوهتانی سەر ئەو دوو ڕۆمانە لێك جیاوازە لابچێ. نازانم لێکچوون لەنێوان (ساڵی ئاشوب)ی عەباسی مەعروف‌و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی لەکوێدایە، کە بەدوو شێوازی جیاواز دەگێڕدرێنەوە. یاخی بوون‌و لوتبەرزی‌و نەترسی (پەروانە وەکو کچێك کە لەتەواوی نەریتی کۆمەڵگا یاخی دەبێ‌و باجی زۆریش دەدات).. لەکوێوە دەچێتەوە سەردڵەڕاوکێ‌و خۆ بەدەستەوەدانی (نوشافەرین) کە لەتەواوی ڕۆمانی (ساڵی ئاشوب)دا لە ژێر ستەمی پیاوێکدا ڕەزیلانە دەژی‌و هەندێکجار دەگاتە ئەو شوێنەی کە توانای لادانی پەردەکانی ژوورەکەی خۆشی نییەو تا مردنیش ئەم ژیانە قبوڵ دەکات. مەندی‌و ڕوحێکی ئاسك ئاساو پڕ لەنهێنی (فەرەیدونی مەلەك)کە لەبەر ئاڵۆزی‌و گۆشەگیری تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانیشی تێی ناگەن‌و بەردەوام لەگەڵ ڕوحی ئەو پەپولانەدا ئەژی کە ڕاویان دەکات. چ پەیوەندیەکی بە کەسایەتیەکی ڕوح بەرزو لەخۆبایی (دکتۆر مەعسوم)ەوەهەیە کە زوو زوو دەڵێ: من تەنها دکتۆرێکی ئەم شارەم‌و ڕازی نییە ژنەکەی (نوشا) وەکو ژنێك بەرگی ژنانە بپۆشێ‌و بەردەوام ئەشکەنجەی دەدات تا دەمرێت. (فەرەیدونی مەلەك)پەپولەی ڕاودەکرد تاوەکو ڕوحی ئاوێتەی ڕوحی پەپولەکان بێ، بەڵام( دکتۆر مەعسوم)ڕوحی مرۆڤەکانی ڕاودەکرد بۆ ئەوەی لە مەرگیاندا ئاسودەیی بدۆزێتەوە. کەسایەتی(نازو)کە لەپێناو گەیشتن بەخشڵ‌و زێڕو زیو ببوە ئەو تاکە سۆزانیەی شار کە لەگەڵ گەرو گولەکانیشدا دەخەوت. کوا لە (خەندانی بچکۆلە)دەچێ کە نهێنی زۆرێك لە عاشقان هەڵدەگرێ‌و هەموو ئەشکەنجەیەکی کۆمەڵگاش قبوڵ دەکات؟!. بەداخەوە لە ستونێکی لەم شێوەیەدا، یەك یەك پاڵەوان‌و کارەکتەرەکانی ئەو دوو ڕۆمانەمان پێ جیاناکرێتەوە. بەگشتی ئەگەر سەیری هەریەك لەکارەکتەرەکانی وەك( جاوید، یەغمایی، ئاغا جانی، میربکوتی شاعیر، عالیە خانم، سەرهەنگ نیلوفەر...تاد) کە زۆرترین کارەکتەری جولاوی ناو ڕۆمانی(ساڵی ئاشوب)ن، دەردەکەوێت.. هێزی کارکردن‌و پێگەی کۆمەڵایەتی‌و شێوازی ئەزموکردنی ژیانیان وەکو ( نەسرەدینی بۆنخۆش، فەتانە، گوڤەند، دلارام، پیرموسا، لەیلا...هتد)نییە، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە هەریەك لەم دوو ڕۆمانە قورسایی‌و گەورەیی خۆیان هەیە، بەڵام ڕوداوەکانیان لە دوو وڵاتو دو ژینگەو کولتووری جیاواز ڕوویانداوەو مێژووەکانیان نزیکەی نیوسەدە لێکەوە دوورە. لە کۆتایی ئەم نامەیەدا پێویستە بڵێم، ئافەرین بەختیار چ گەمەیەکی جوان دەکەیت لەناو ئەم مەعشەری بێ ماناییەدا هەروەکو چۆن (پەروانە)کاتێ گۆشتی ئەو هەموو قوربانیەی دەبەشیەوە بەسەر ماڵەکاندا نەیدەهێشت تەنانەت پرچکە خوێنێکی بەرکەوێت.. تۆش لەو بەرزاییەدا تۆزی ئەم بوهتانانە داینەپۆشیت.

# ژان دارك سیمبولی ئافرەتی ئازادیخواز

ئا: باوكی ژیلا

هیچ كچێك نە لەمێژووی ئەوروپا بەگشتیو نەفەرەنسا بەتایبەتی گەیشتووە بەو پلەوپایەی كە كچە لادێی فەرەنسی ژان دارك پێی گەیشت، بەڵگەش ئەو ژمارە زۆرە كتێبەیە كە لەبارەیەوە دانراون هەر لەكاتی سوتاندنی لەساڵی(١٣٤١)زاینی تاكو ئێستا. كتێبخانەی گشتی فەرەنسا ئێستا پتر لە بیست هەزار كتێبی تێدایە كە لەسەر ژان دارك نوسراونو چەندین فلیمی سینەمایی لەلایەن بەناوبانگترینو لێهاتووترین دەرهێنەری ئەوروپیو ئەمەریكیەوە لەسەری دەرهێنراون. كاتێك ژان دارك لەسەر شانۆی رووداوەكان بەدەركەوت فەرەنسا لەناو دەریای ترس، كوشتن، هەتك كردنو كاولكاریی.....هتد نغرۆ ببوو ئەو رووداوانە ببونە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵكی فەرەنسا.

ژان دارك ساڵی(١٤١٢)زاینی لە گوندی دۆمرمی خوارووی سنووری فەرەنسا لەگەڵ لۆرین، لەسنووری رۆژهەڵاتی شانشینی فەرەنسی ئەوسا لەدایك بووە. خێزانەكەی لەشەش كەس پێك دەهات، باوكی ناوی جان دارك بوو، دایكی ناوی ئیزابێلا بوو، دوو كورو دووكچ بوون، ژان دارك كە لەمنداڵیەوە بە ژانێت ناسراوە كچە گچكە بووە هەرچەندە ژان دارك نەخوێندەوار بوو بەڵام فێری خوری چنینو درومان ببوو. هەر لەلادێكەی خۆیان مەڕی دەلەوەڕاند وەكو هەموو كچەكانی دیكەی لادێكەیان، بەڵام ئەو بە رەوشتی بەرزو ئیمانی پتەوی ناسرابوو، هەر لەمنداڵیەوەو بەهۆی دایكیەوە لەگەڵ نوێژكردنو گوێگرتن لە چیرۆكی پیاوچاكو قەدیسەكان راهاتبوو. ساڵی(١٤٢٥) كاتێك ژان دارك لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو چەتە بۆرجەندیەكان كە هاوپەیمانی ئینگلیزەكان بوون لەم شەڕەدا لادێكەیان داگیركردو جوتیارە بێدەسەڵاتەكان بەدەست دزیو تاڵانو هەتك كردنیان لەلایەن چەتە بۆرجەندیەكانەوە دەیانناڵاند. تەنانەت كڵێسای لادێكەیان دوای تاڵانكردن ئاگرتێبەردا. بەردەوامی ئەوكارانە خێزانە جوتیارەكانو لەنێویشیاندا خێزانی ژان داركی ناچار كرد كە لادێكەیان جێبهێڵن. ژان دارك كە لەكەشو هەوایەكدا گەورە ببوو مێشكی بە چیرۆكی قەدیسەكان لەلایەكو ئابڕووكاریەكانی ئینگلیزو چەتە بۆرجەندیەكان لەلایەكی دیكە پڕكرابوو، هەربۆیە سروشتی بوو كە ئەو كچە لەنێوان ئازارو مەینەتیەكانی گەلەكەیو هیواو ئومێدیان بۆ رزگاری پەروەردە ببێ. مێژوونوسەكان دەگێڕنەوە كە ژان دارك هەر ئەو كاتە بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە گوێی لەدەنگی چەند قەدیسێك بووە پێیانگووتووە تۆ دەستنیشان كراوی بۆ ئەوەی بچی بۆ ئۆرلیانو لە گەمارۆی ئینگلیزەكان رزگاری بكەی، دواتر میر شارلی حەوتەم ببەی بۆ شاری رێمسو بیكەی بە پادشای فەرەنسا چونكە ئەو كوڕی راستەقینەی شا شارلی شەشەمو میراتگری شەرعی تەختی پادشایی فەرەنسایە. ژان دارك داوای لە فەرماندەی سەربازی ناوچەكەی كرد كە هاوكاری بكات بۆ گەیشتن بە كۆشكی شارلی حەوتەم، لە فێبرایەری(١٤٢٩)زاینی فەرماندەكە چەند پاسەوانێكی بە یاوەری ژان دارك ناردو دوای پانزە رۆژ گەیشتە شینۆنو شارلی حەوتەم پێشوازی لێكرد. مێژوونوسان دەڵێن شارلی حەوتەم لەنێوان دەیان پاڵەوانانی دەریایی وەستابوو بەڵام ژان دارك یەكسەر دەیناسێتەوە، پێیدەڵێت كە (ئەو ئامێری بەجێگەیاندنی ویستی خودایە) بۆ زگاركردنی ئۆرلیانو دانانی تۆ لەسەر تەختی پادشایەتی فەرنسا. هەرچەندە شارل بەم قسەیە زۆر دڵخۆش بوو بەڵام گومانی لەقسەكانی ئەو كچە هەبوو كەجلێكی پیاوانەی لەبەردابوو. هەربۆیە لەگەڵ چەند گەورە پیاوێكی خۆی رەوانەی شاری(بواتیە)ی كرد بۆ پشكنینو دڵنیابوون لەپتەوی بیروباوەڕو رەوشتی ئەو كچە، دەستەیەكی ئاینی كە پێكهاتبوو لەقەشەكانی(ریمس)و هەژدە قەشەبوون ئاكامی پشكنینەكەیان لە بەرژەوەندی ژان دارك بوو، بەمەش شارل رازی بوو كەبیكاتە فەرماندەی ئەو سوپایەی بۆ رزگاركردنی ئۆرلیان دەینارد. ئەو شارە لە ساڵی(١٤٢٨)ەوە لەلایەن ئینگلیزەكانەوە گەمارۆدرابوو، گرنگی ئۆرلیان لەوەدابوو كە باكوورو باشووری فەرەنسای بەیەكەوە دەبەستەوە، ژان دارك سوپایەكی هەشت هەزار كەسی خرایە ژێر فەرماندەییەوەو بەرەو ئۆرلیان كەوتە رێ. لە٨ی مایوی ١٤٢٩ توانی گەمارۆی ئۆرلیان بشكێنێو لەدەست ئینگلیزەكان رزگاری بكات. فەرەنسیەكانو لەسەرروو هەموویانەوە شارلی حەوتەم ئەم سەركەوتنەیان بە راستگۆیی بەڵێنو پەیمانەكانی ژان دارك زانیو یەكەم ئەركی بەرنامەكەی سەركەتووانە بەجێگەیاند. ئەركی دووەمی ژان دارك گەیاندنی شارلی حەوتەم بوو بە تەختی پادشایی لەشاری ریمس ( ئەوشارەی هەموو پادشاكانی فەرەنسا هەر لەسەردەمی كلۆمینەوە كە كرا بە پادشای فەرەنجە بوو بە نەریتو لەوێ ئاهەنگیان دەگێڕا) بۆ گەیشتن بەو شارە ژان دارك لەرێگا تووشی چەندین شەڕ بوو لەگەڵ ئینگلیزەكان، گرینگترینان شەڕی(پاتای)بوو كە نزیكەی دوو هەزار ئینگلیزی تێدا كوژرا، بەمەش دۆڵی لۆری لە ئینگلیزو بۆرجەندیەكان پاككردەوەو لە١٦ی ئۆكتۆبەری ١٤٢٩ سوپای فەرەنسا لەسەرووی



هەمووشیانەوە شارلی حەوتەم‌و ژان دارك چوونە ناو شاری ریمس‌و لە رۆژی دواتر لە کاتدرائیەی شارەکە ئاهەنگیان بۆ شارلی حەوتەم سازکرد بە بۆنەی بوونی بە پادشای فەرەنسا. دوای ئەوە ئەستێرەی ژان دارك رووی لەکزی بوو، هەرچەندە ئەو رایگەیاند کە ئەرکەکەی تەواوبوو بەڵام هەر زوو لەقسەکانی پەشیمان بۆوە، ئەمجارەیان رایگەیاند کە درێژە بەشەڕ دەدات تا پاریس رزگار دەکات، لەو لاشەوە شارلی حەوتەم لێیکەوتە فرت‌و فێڵ‌و لەمەسەلەی رزگارکردنی پاریسدا بە توندی دژی وەستاو پێیگووت کە ئێستا سیاسەت لە شمشێر بەکارترە، ئەگەر میرێکی بۆرجەندیەکان یان میرە فەرەنسیەکانی دیکە بەلای خۆماندا رابکێشین بەسەر ئنگلیزەکاندا سەرکەوتوودەبین. بەڵام ژان دارك بەهێزێکی کەمەوە پەلاماری پاریسی داوو لەشەڕێکی خوێناویدا شکستی خواردوو لە رێگای کشانەوەیدا لەشاری(کۆمپین) دوای شەڕێکی دلێرانە بەدیل کەوتە دەست بۆرجەندیەکان‌و ئەوانیش لەبەرامبەر دەهەزار پارچە زێڕ بە ئینگلیزەکانیان فرۆشت. لەساڵی(١٤٣٠)دوای حەوت مانگ لە بەدیلگرتنی گواسترایەوە بۆ نۆرماندی‌و ئینگلیزەکان ئەرکی دادگاییکردنیان بە (دادگای پشکنین)سپاردو دادگاییکردنەکە پێنج مانگی خایاند. تۆمەتەکان بریتی بوون لە: ئەنجامدانی کاری سیحربازی کە ئینگلیزەکان زۆر پێیان لەسەر ئەو تۆمەتە دادەگرت بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانیان لەبەرامبەریدا، هەڵگەڕانەوە لەدین، لەبەرکردنی جل‌و بەرگی پیاوانەو قژبڕین بەشێوازی پیاوان، هێرشکردنە سەر پاریس لە رۆژی جەژندا. قەشە بییار کۆشۆن کە سەرۆکی دادگا بوو بە فێڵ توانی دانپیانایێك بە ژان ئیمزا بکات سەرجەم ئەو تۆمەتانەی سەرەوەی تێدا بوون لەبەرامبەر ئازادکردنیدا، بەڵام دوای ئیمزاکردنی دادگا بڕیاری زیندانی هەتاهەتایەی بۆ دەرکردو ژان تووشی سەرسوڕمان بوو، هەربۆیە ئازایانە رووبەڕووی دادگا بۆوەو گووتی سوورم لەسەر ئەو کارانەی کردوومەو هەرگیز پەشیمان نیم، دادگاش بڕیاریدا کە بسوتێنرێ‌و لە ٣٠ مایۆی ١٤٣١ ژان دارك لە کاتێکدا بە زنجیر بەسترابۆوە بۆ مەیدانی گشتی پەلکێش کراو بە ستوونێکەوە بەسترایەوە، لەوکاتەی کە خەڵکی لەبەرامبەر سووتاندنیدا نارەزاییان دەردەبڕی ئینگلیزەکان ئاگریان لەجەستەی بەرداوو ژان دارکی تەمەن نۆزدە بەهاریان تامردن سووتاند. بەم شێوەیە ژان دارك بوو بە نمونەی ئافرەتی شۆڕشگێڕ دژ بە زوڵم‌و ستەم‌و زۆرداری‌و بوو بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی‌و سیمبوولی گیان بەحشین لە پێناوی ئازادیدا.

# واقعی کەرتی کشتوکاڵ

م. موفق میراودەلی

کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لەوکەرتانەی بۆ ئابووری هەر وڵاتێك گرنگی‌و بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەگوژمەیەکی باش بەشداری داهاتی ساڵانە دەکات، کاریگەری راستەوخۆشی لەسەر ئاسایشی خۆراکی وڵات هەیە، بەدەر لەوەی بەرهەمی ئەم کەرتە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانە بڕبڕەی پشتی کەرەستەی خاوی پرۆژە پیشەسازیەکانە، دەورێکی کارا لە ژیانی ئابووریدا دەگێڕێت، هەروەك رۆشنە لەدوای نەوت لەعێراق داهاتی کەرتی کشتوکاڵ بەپلەی دووەم دێت، کوردستانیش وەك بەشێك لەو پێکهاتەیە هەرێمێکی لەباروگونجاوەو چەندین بەرهەمی وەك (بەرووبومی کێڵگەکان‌و میوەو ..هتد) لەگەڵ چەندین جۆرو شێوەی لێ دێتەبەرهەم، دەتوانرێت ساڵانە داهاتێکی زۆری لێ دەردەست بکرێت‌و ببێتە هۆکارێك بۆ خستنەکاری ژمارەیەکی زۆر لەهێزی کار، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەم کەرتە تێبینی دەکرێت لەبەردەم هەل‌و مەرجێکی خراپ‌و قەیرانێکی مەترسیداردایە، لەکاتێکدا کوردستان چەندین ناوچەو شوێنی باشی بۆ ئیستغلال کردنی ئەو بوارە هەیە، بەڵام لەجیاتی دابین کردنی پێداوستیە ناوخۆییەکان‌و زێدەبەرهەمی کشتوکاڵی، بۆدابین کردنی پێداویستیە ناوخۆییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لەدەروە دەهێنرێت، بەشێوەیەك بووینەتە کارگەیەك‌و ناوەندێك بۆ بەکاربردن‌و ساغ کردنەوەی بەرووبوومی وڵاتان، هەرێمی کوردستان چەندین شەقڵ‌و تایبەتمەندی نایابی هەیە، دەتوانرێ کەڵك‌و سوودێکی زۆری لێ وەربگیرێت، بەجۆرێك خاکەکەی لەڕووی جۆرو پیت‌و پێزو بڕشتەوە زۆر لەبارەو ئاوو هەواکەی یارمەتیدەرێکی باشە، تاوەکو زۆربەی بەرهەمەکشتوکاڵیەکانی (دێمی، بەراو)ی لێ بێتەبەرهەم، ئەمەش پێویستی بەپلان‌و بەرنامەی هەمەلایەن هەیە، بەتایبەت لەلایەن کەرتی گشتی پێویستی بە دراسەیەکی ووردو چاکسازی‌و گۆڕانێکی ریشەییە.

بێ گومان حکومەت پێویستە ببێتە فاکتەری سەرەکی چاکسازی کەرتی کشتوکاڵ، بەجۆرێ رۆڵی کارا بگێڕێ لە دووبارە زیندوکردنەوەو بوژاندنەوەی ئەو کەرتە بایەخدارە، ئەویش لەڕێگەی گرتنەبەری پلان‌و بەرنامەی هەمەلایەن‌و گشتگیر بەمەبەستی جارێکی دی سەرپێ خستنەوەو خستنەوەگەڕو بوژاندنەوەی، بوە لەپێناوی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپ‌و گرفتەمرۆیی‌و سروشتیانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم بزاوتی کشتوکاڵ، پێویستە حکومەت ساڵانە بودجەیەکی زۆر گەورەی بۆ تەرخان بکات، بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی چڕوپڕو دابین کردنی پێداویستیەکانی بواری کشتوکاڵ، هەروەها لەڕێگەی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بەرنامەی لەبارو گونجاو دابنرێت، یاخود سوود لە ئەزموون‌و پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت، بەگوێرەی گونجان‌و باشی لەکەرتی کشتوکاڵ پەیڕەوبکرێت، هەروەها رێگەو شێوازی سەردەمیانە لەجیاتی شێوازی تەقلیدی‌و دواکەوتوو بگیرێتەبەرو لەڕێگەی خولی راهێنان هۆشیاری زیاتر بدرێتە ئەو کەسانەی پیشەیان کشتوکاڵ کردنە، هەروەها حکومەت کۆمەڵێك ئەرکی هەنووکەی لەئەستۆدایە کە پێویستە هەستێ بەجێ بەجێ کردنیان، لەوانە کارئاسنی لەبەردەم دابین کردنی پێداویستیەکانی جوتیاران،لەڕووی پێدانی تۆووی باش‌و داو ودەرمان‌و پەینی کیمیایی‌و کەرەستەی پێویست لەگەڵ کرینەوەی بەرهەمەکانیان لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی دنەدان‌و بەردەوامی کشتوکاڵ کردنیان‌و دانانی چاودێری بەردەوام، بەمەبەستی دیاریکردنی گرفت‌و ئەو نەخۆشیانەی دوچاری کشتوکاڵ دەبێ لەگەڵ گرتنەبەری رێ‌و شوێن‌و چارەسەریەکان، هەروەها ئەوەی کە زۆرگرنگە بەنسبەت ئەوانەی لەو بوارە کاردەکەن، بریتی یە لەپێدانی(پێشینەی کشتوکاڵ)ی لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵی، پێویستە زیاتر پشت بەشێوازی زانستی سەردەم ببەسترێت، چەند وەرزێك زەویەکانیان بەکاربهێنن، تاکو بەرهەمی زۆرو داهاتێکی چاکی بۆ هاوڵاتیان‌و حکومەت لێ دەردەست بکرێت.

# سەباح صاڵح:
# لە کوردستان چەندین دەسەڵاتی وەرزشی هەیە کە داواکاریەکان

دیمانە: عەبدولرەحمان ئەحمەد

نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی وەرزشی لە دەڤەرەکەدا بۆ دەساڵ دەچێت لە کاروچالاکیو خزمەتکردنی وەرزشو وەرزشواناندا بەردەوامەو لەم نێوەندەدا ساڵانە چەندین خولو چالاکی جۆراوجۆر بۆ یاریە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە، ئەویش بۆ هەردوو رەگەزی کوڕانو کچانی سنووری چالاکیەکانی دەوروبەری چوار قەزای ناوچەکە. لە ئەمڕۆشدا لە دوورترین شوێنە دوورەدەستەکاندا بنکەی بۆلاوانی ئەم شوێنە هەیەو خولیان بۆدەکرێتەوەو چالاکی وەرزشی ئەنجام دەدەن.. بۆ زیاتر ئاشناکردنی چالاکیەکانی ئەم دامەزراوە وەرزشیەو چۆنیەتی راپەڕاندنی چالاکیو ئیشو کارەکانیان، لەگەڵ بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن کاك (سەباح صاڵح) ئەم دیمانەیەمان سازدا.

زنار: بالەڕێگای گۆڤارەکەمانەوە بەرپرسی نوێنەرایەتی بیتوێن بناسێنین.

سەباح صاڵح: ناوم (سەباح صاڵح سەعید) ـەو لەدایکبووی شاری کەرکوکی ساڵی (١٩٦٥)مو خێزاندارمو چوار منداڵم هەیە بەناوەکانی ( سۆلین، سۆزین، سایە، جێگر).

زنار: دروستبوونی لیژنەی ئۆلمپی کوردستان چۆن بوو.

سەباح صاڵح: لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە ٢١/٧/١٩٩٥ دامەزرا لەسەر پێشنیاری هەڤاڵ (مام جەلال)و یەکەمین کۆنگرە بۆ بەرەسمی ناساندنی لیژنەی ئۆلۆمپی هەر لەم ساڵەدا بووو دوابەدوای دەستبەکاربوونیان چەند بنکەو یانەیەکی وەرزشی کردەوە جگە لە سەرپەرشتیکردنی سەرجەم چالاکیەکانی یەکێتیە وەرزشیەکانو دواتریش بڕینەوەی مینحەی مانگانە بۆ یانەکان کە لە مێژووی هیچ یانەیەکدا نەبووە لە کوردستاندا مانگانە منحە وەرگێتو لە کۆتایشدا دامەزراندنی پێنج نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی لەناوچەکاندا بۆ سەرپەرشتیکردنی وەرزش لە قەزاو ناحیەکاندا.

زنار: کێ بە بیرۆکەی نوێنەرایەتی لەم دەڤەرەدا هەڵساوە

سەباح صاڵح: بیرۆکەی کردنەوەی نوێنەرایەتی لەسەر خواستی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان خۆی بوو کە وەرزش ئەوکاتە لە ئاستێکی بەرزدابوو.

زنار: نوێنەرایەتی بیتوێن کەی دامەزرا.

سەباح صاڵح: لە ١٥/٥/١٩٩٧ دامەزراو یەکەم بەرپرس کاك (عومەر خەتاب) بووەو دواتریش کاك(کەمال قادر)و ئێستاش حەوت ساڵە بەندە بەرپرسی نوێنەرایەتیم.

زنار: سنووری چالاکیەکانی بێتوێن تاکوێیە

سەباح صاڵح: سنوری چالاکیەکانمان لە دووکانو خەلەکانو کۆیەو تەق تەقو ناحیەی خرابەو بنگردو خدرانو چوارقوڕنەو حاجیاواو رانیەو سەروچاوە بالیسانو سەرکەپکانو ژاراوەو سۆرانو سەنگەسەرو قەلادزێو هەڵشۆو هێرۆ ئیسیۆوە)دەگرێتەوە.

زنار: بەرنامەی کارەکانتان لەچیدا خۆی دەبینێتەوە

سەباح صاڵح: بەرنامەی کاری ئێمە، زیاتر لە وەرزشدا خۆی دەبینێتەوە، جا لەکردنەوەی خول دابێت یاخود سەرپەرشتی کردنی یانەو بنکە وەرزشیەکان.

زنار: لەبەرنامەی نوێنەرایەتیدا چەند جۆر یاری دەکرێن.

سەباح صاڵح: بەرنامەی چالاکیەکانمان سەرجەم بوارەکان دەگرێتەوە، بەلام زیاتر تۆپی پێ، ئەویش زیاتر لەبەر لاوازی یەکێتییە وەرزشیەکانی ترە، خۆمان بۆ هەموو جۆرە یاریەك خولمان کردۆتەوە، کە تا ئێستا لە کوردستاندا کراون، بۆ نموونە ( چوونە سەرشاخو ئەسپ سواری)و یاریەکانی تری وەك: بالەو تێنسو باسکەو شەترەنجو لەشجوانیو بالەی کەنار دەریاو چەند یاریەکی تر ساڵانە خولمان هەیە.

زنار: چەند یانەو بنکە لە سنووری چالاکیەکانی ئێوەدا هەیە.

سەباح صاڵح: (١٢)یانەو(١٠)بنکەی وەرزشیمان هەیە لە سنوورەکە.

زنار: نوێنەرتان لەشارو شارۆچکەکاندا هەیە

سەباح صاڵح: بەڵێ لە قەزاکانی دوکانو کۆیەو قەلادزێ نوێنەرمان هەیە، بەلام وەك پێویست نینو کارەکانیان باش راناپەڕێنن، لەبەر ئەوەی موچەکەیان تەنها (٤٠٠٠٠)چل هەزار دینارە.

زنار: ئایا بۆچی لەبەرنامەی ئێوەدا هەر وەرزش هەیەو بۆ هەوڵنادرێت خولی رۆشنبیریی گشتی یان خولی بەهێزکردن



بکەنەوە

سەباح صالح: بەداخەوە، ئێمە زۆرجار هەوڵمانداوە خولی داوەری و رۆشنبیریی بۆ یاریە وەرزشیەکان بکەینەوەو داوامان کردووە کە خولمان بۆ بکەنەوە، بەڵام داواکانمان دواخستووە، هەرچەندە چەند جارێك توانیومانە سیمناری وەرزشی و خولی داوەری بۆ یاریەکانی باڵەو تۆپی پێ و باسکە ساز بکەین بەڵام ماوەیەکە لەبەر چوونە دەرەوەی زۆربەی وانە بێژەکان ناتوانن خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن و زیاتر حەزیان لە رۆشنبیری و داوەری کە زۆر پێویستمانن.

زنار: ساڵانە بەرنامەیەکی دیارکراوو دارێژراوتان هەیە بۆ چالاکیەکان.

سەباح صالح: بەڵێ ساڵانە بەرنامەمان هەیە بۆ کارەکانمان و لە ساڵی ١٩٩٧ەوە تاکو ئێستا ساڵ بەساڵ هەمان بووەو هەرکەسێك داوای بکات ئامادەیە.

زنار: رەوشی وەرزشی کچان لە سنوورەکەدا چۆنە

سەباح صالح: وەرزشی کچان، لە سنورەکەماندا وەك پێویست نییە، وەك چۆن لە سلێمانی و شارەکانی تریشدا هەروایە، چونکە چالاکیە وەرزشیەکانی کچانی یانەکان تەنها لەکاتی خولەکاندا دەکەونە خۆیان و بەهەر چۆنێك بێت، تیپێکی کەم ئەزموون دادەمەزرێنن و بەشداری خولەکان دەکەن و ئیتر تا خولێکی تر بەهەمان شێوە لەماوەی دوو رۆژدا تیپێکی تری بێ راهێنەرو بێ مەشق درووست دەکەنەوەو بەشداریان پێدەکەن. دیارە هەموو یانەکان وانین و بەڵکو چەند یانەیەك وادەکەن، تەنانەت مانگانە پارەشیان نادەنێ، کاتێك کە خولەکان نزیك دەبنەوە، ئەوسا پارەیان دەدەنێ، بەم شێوەیە تیپ دروست نابێ، بۆیە پێویستە، یانەکان خەمی خۆیان بخۆن و هەوڵی دروستکردنی راهێنەری کچ بدەن نەك یەکێك لەدەستەی بەڕێوەبەر راستەوخۆ بێتە راهێنەری تیپی کچان. کە کچان جیهانێکی تایبەتیان هەیە بۆ وەرزش.

زنار: بۆچی خولی وەرزشی بۆ تیپەکانی کچان ناکرێتەوە

سەباح صالح: زۆر خولمان کردۆتەوە بۆ کچان، وەکو خولی باڵەو پێشبڕکێی پایسکل سواری و خولی تۆپی پێ و تۆپی سەرمێزو چوونە سەرشاخ و راکردنی ماوە درێژ، بەنیازیشین لەمانگی (١١)و ١٢ خولی باڵەو تۆپی پێ بکەینەوە.

زنار: خاڵی بەهێزی نوێنەرایەتی لە ناوچەکەدا لەچیدا خۆی دەبینیتەوە

سەباح صالح: خاڵی بەهێزی نوێنەرایەتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بێ جیاوازیکردن لەنێو یانەکانداو ئامادەبوونمان لەسەرجەم خول و چالاکیەکان و دابینکردنی خەڵات بۆیان و



پەیوەندیەکی زۆر توندوتۆڵی نوێنەرایەتی و یانەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پرۆژەی وەرزشی بۆ سەرجەم یانەو بنکە وەرزشیەکان و دابینکردنی کەل و پەلی وەرزشی بۆیان، هەر یانەیەك لەبوارێکدا بەهێزە، بۆ نموونە: لە تۆپی پێدا کۆیە مومتازەو باسکەی قەڵادزێ پلە یەکەو رانیە لە یاریە سیانیەکان بەهێزە، چوارقوڕنە لە شەترنج و حاجیاوا لەباڵەی کوڕان و کچان بەهێزە، دوکان لە یاریە سیانیەکان و مەلەوانیدا بەهێزە.

زنار: پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتیە وەرزشیەکانی کوردستاندا چۆنە

سەباح صالح: پەیوەندی باشمان هەیە، بەتایبەتی لەکاتی چالاکیەکانداو لەرێگەی ئێمەوە یانەکان ئاگادار دەکرێنەوە، بەڵام گلەیشمان لێیان هەیەن کاتێك چالاکیەك دەبێت تەنها رۆژێك یان دووڕۆژی ماوە ئاگادارمان دەکەنەوە، بۆ ئاگادارکردنەوەی یانەکان بۆ ئەوەی بەشداری خول بکەن، باشتروایە زوتر ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی تیپەکان باشتر خۆیان ئامادە بکەن.

زنار: چاوەڕوان دەکرا دوابەدوای یەکگرتنەوەی دەزگا وەرزشیەکانی کوردستان زیاتر چالاك بوایە، بەڵام وانەبوو، هۆکارەکەی چییە.

سەباح صالح: هۆکاری زیادنەبوونی چالاکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ پەسەندنەکردنی پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمەوە. دیارە ئێستاش هەردوو ئیدارەکە یەکیگرتۆتەوە، بەڵام هەریەکەو لەلایەن حزبەوە مانگانە منحەی یانەکان دابین دەکەن، هەرکاتێك پرۆژە یاسایەك پەسەندکرا ئەوکات خول و چالاکی زیاتر دەبێت، هەرچەندە تا ئێستا چەند یەکێتیەکی وەرزشی توانیویانە چەند خولێك بکەنەوە.

زنار: بەرنامەی ئایندەتان چییە

سەباح صالح: بەرنامەمان ئەوەیە، کە هەوڵبدەین جدی بین بۆ دابینکردنی کۆستەر بۆ یانەکان و دروستکردنی چەند یاریگایەك بۆ یانەو بنکە وەرزشیەکان و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆیان، ئەم بەرنامەیەش پێویستی بە رەزامەندی هەیە، ئێمە پێشنیازی زۆرمان کردووە بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و جێبەجێکردنیان.

زنار: کێشەتان چییە

سەباح صالح: کیشەمان زۆرە، هەر لەنەبوونی بارەگای نوێنەرایەتی و کەمی منحەی یانەکان و کەمی هۆڵی داخراو لە سنورەکەو نارێکی بەرنامەی یەکێتیە وەرزشیەکان و نەبوونی لیژنەی دارایی بۆ یانەو بنکە وەرزشیەکان و چەندین کیشەی تر.

زنار: داواکاری چیتان هەیە

سەباح سالح: داواکاریمان زۆرە، بەڵام نازانم کێ جێبەجێی دەکات، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا چەندین دەسەڵاتی وەرزشی هەیە، وەك لیژنەی ئۆڵۆمپی و ئەنجومەنی وەرزش و وەزارەتی وەرزش و لاوان و گەنجان و پرۆژە وەرزشیەکانی ئەنجوومەنی سلێمانی.. هەمووی دەڵێت بەسەر چاو، دەرخستەمان بۆ بێنن، دوای چەند مانگێك چاوەڕوانی بەداوای لێبوردنەوە وەڵاممان دەدەنەوە، زۆر ئیشی باشیان لە سنوورەکەدا کردووە، بەڵام زۆرشت ماوە ئەنجام بدرێن، هیوادارین حکومەت ئەو پرۆژانەی کەماون ئەنجام بدرێن و تەواویان بکات. بۆ نموونە: ئێستا دەبینین کە کارکردن لە هۆڵی داخراوی رانیە راگیراوەو لە یاریگای چوارقوڕنە کارکردن راگیراوە، داواکارین کە هۆڵی وەرزشی بۆ سەرجەم یانەو بنکەکان دروست بکرێت و یاریگاکان چاکبکرێن و منحە بۆ لیژنەی تیپە میللەیکان و شوێنیان بۆ دابینبکرێ.. کە داواکاریەکان زۆر زۆرن.

# لەپێناو ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاوسەران

## تێستی خۆناسین

ئا/مەحمود باوزی

١-رۆژێکی زۆر ناخۆشت لێ رابردووە، بەئیش‌و کاری ماڵەوە تەواو شەکەت‌و هیلاك بوویت، هاوسەرەکەشت بەروویەکی گرژەوە دێتە ماڵەوە.. تۆش:-

أ-سەرەتا دەچیت بەئاوی سارد دەست‌و روخسارت دەشۆیت، باس لەو هەموو ماندووبوونەی ئەمڕۆت ناکەیت‌و ئەو خۆراکەی ئامادەت کردووە دەیخەیتە بەردەمی.

ب-هاوسەرەکەت پرسیاردەکات‌و دەڵێ ئەوە چی روویداوە؟بۆچی وا گرژو پەستی؟ تۆش تەنها بە وشەی (هیچ نییە) وەڵامی دەدەیتەوە.

ج-راستەوخۆ پیاڵەیەك چای لەبەردەم دادەنێی‌و دەڵێی: سەرەڕای ئەوەی زۆر شەکەت‌و ماندوویت، باشتر وایە گوێ نەدەیتێ‌و یەك دوو قسەی خۆشم بۆ بکەی.

د-بەسەریدا دەچریکێنی‌و دەڵێی: خۆزگە ئێوارەیەك بەروویەکی خۆشەوە سەرت بەو ماڵەدا دەکردەوە.

٢-خزمێکی نزیکی یەکێکتان مردووە. ئەو سەروەت‌و سامانەی لێی بەجێماوە، میراتی یەکێکتانە، تۆ دەتەوێ ئەم پارەیە لەنۆژەنکردنەوەی خانوەکەتان‌و کڕینی کەل‌وپەلی پێداویستی ماڵدا خەرج بکەی. بەڵام هاوسەرەکەت دەیەوێ، سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بەم پارەیە بکات. تۆش:-

ا- خۆت دەخەیتە حاڵی جاوی‌و هێندە ئەم دەست‌و ئەودەست‌و ئەمڕۆو سبەی پێدەکەی، پشووی هاوین بەسەردەچێت‌و سەفەرەکەی ئەنجام نادرێت.

ب- پێی دەڵێی: بەلاتەوە گرنگ نییە چۆن سەرفی دەکات، با بە ئارەزووی خۆی هەڵس‌وکەوت بکات.

ج- لەبارەی خەرجکردنی پارەکەو بەهەدەرنەدان‌و شوێنپێگرتنی لەماڵدا بە شێوەیەکی راست‌ودرووس، دەکەویتە گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ هاوسەرەکەت.

ء- گلەیی‌و گازندە لەلای خەڵك‌و خۆ دەکەیت‌و لەلای ئەویش دەکەویتە پرتەو بۆڵە بۆڵ‌و ژیان لەماڵەکەدا دەکەیتە دۆزەخ.

٣-یادی جەژنی لەدایکبوونتە، تۆ سووری لەسەر ئەوەی بەم بۆنەیەوە شەو لە دەرەوەی ماڵ نان بخۆن. بەڵام ئەو:-

ا- لەبیرخۆی بردەوە کە ئەمرۆ جەژنی لەدایکبوونی تۆیە.

ب- بۆ دیاری جەژنەکە چەند کتێبێکی بۆ کڕیویت‌و چاوەڕوانە، تۆش خواردنێکی بە لەزەت‌و پوخت‌و نوختی بۆ ئامادەبکەی.

ج- هەفتەیەك پێش یادەکە پرسیارت لێدەکات، حەز دەکەی چ دیاریەکی بەنرخت بۆ بکڕم؟ شەوی جەژنە کە بەم شتە شاگەشکەت دەکات.

ء- دەتبات بۆ یاریگە، تا تێر سەیری یاری بکەن‌و ئامادەشە سوێند بخوات کەوای زانیوە تۆ حەزت لە بینینی ئەم یاریەیە.

٤-نایەتەوە یادت رۆژێك لە رۆژان بە ئاسودەیی‌و ئارامی دانیشبن‌و دەمەتەقێیەکی خۆشیتان کردبێ. تۆش:-

ا- هەمیشە ئەم بابەتەی بەسەرچاودا دەدەیتەوەو ئەو بە تاوانباری یەکەم‌و سەرەکی دەزانێت.

ب- خۆت بە ئیش‌وکاری ماڵ‌و منداڵەوە سەرگەرم دەکەیت‌و واخۆت نیشان دەدەیت، کە ئەم بابەتەت بە خەیاڵدا نایەت.

ج- ئێوارەیەك کە دێتەوە ماڵەوە، هەست دەکەیت تا رادەیەك هێورو لەسەر خۆیە، پێشوازیەکی باشی لێ دەکەیت‌و پێی دەڵێی: ماوەیەکە خەریکە یەکتری فەرامۆش دەکەین! رات چییە ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستیمان دەمەزەرد بکەینەوە؟.

ء- جوانترین پۆشاك دەپۆشیت‌و گەرەکتە سەرنجی هاوسەرەکەت بەم شێوەیە بۆلای خۆت راکێشیتەوە.

٥-دوای دەمەقاڵێیەکی توندەکە لەنێوانتاندا روویداوە. تۆش:-

ا- هەوڵ دەدەی خۆت لەگەڵ ئەو ژیانە رابهێنی.

ب- بێخەیاڵ‌و دۆشداماں، وا خۆت دەنوێنی کە هیچ رووی نەداوە.

ج- لێی دەپرسیت: چ شتێك تۆ حەزت لێی نییەو ئاسودەییت تێك دەدات؟ من دووری لەو شتە دەکەم.

ء- هەمیشە تاوانباری دەکەی کە بەبێ هۆو تاوان کێشە دەنێتەوەو شەڕت پێ دەفرۆشێ.

٦-بەیەکەوە دانیشتوون، ئەو بەردەوام قسەدەکات، تۆش تەنها مافی گوێگرتنت هەیەو بۆت نییە قسە لە قسەیدا بکەی، ئەگەر قسەیەکیشت کرد، یا گاڵتەت پێدەکا، یا گوێی لێناگیرێت. تۆش:-

ا- هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشیت‌و هیواداری رۆژێ واز لەو خووەی بهێنێ

ب- خۆڕاگردەبی‌و وانیشان دەدەی کە ئەم هەوڵوێستەی هاوسەرەکەت ئاساییە.

ج- کۆنترۆڵی خۆتت پێناکرێ‌و نارەزایی دەردەبڕی‌و پێی دەڵێی: باشتر وایە، کەمێ بێدەنگ بیت‌و گوێ لە بۆچوونی منیش بگریت. کە منیش وەکو تۆمرۆڤم‌و هیچم لەتۆ کەمتر نییە.

ء- لەناخی خۆتا دەڵێی دەبوو ئەوەی زانیبا کە منیش وەکو ئەو مافی قسەکردن‌و رادەربڕینم هەیە، بەڵام قەیناکات.

" ئەنجامگیری تێست"

ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ا)بوو:-

-نیشانەی ئەوەیە تۆ دەتەوێ لەبەر گیروگرفتەکانت رابکەیت، لە روو بەروو بوونەوەی لەمپەڕەکانی رێگەی هەست‌و سۆزو دەربڕینی ئەو شتەی بەخەیاڵتدا دێت خۆ دەبوێری. دەترسێی ئەگەر بە پێچەوانەوە هەوڵوێست وەرگری، شەڕوگێچەڵ رووبدا، ئیدی بە تەواوی خۆت کزولاواز کردووە. پێتوایە بەم شێوەیە رۆژێك لە رۆژان بەخۆیدا دێتەوە، بەڵام پێویستە تۆ تا ئەو رۆژەی دەستەوستان دانەنیشی‌و مێردەکەت زیاتر بدوێنە...

★- ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ب)بوو:-

تۆزۆر تاقەتی قسەکردنت نییە، ئامادەش نیت خۆت بەقسەوە ماندووبکەی، دەتەوێ هاوسەرەکەت دڵ‌و مێشك‌و بیرت بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی ئاماژەیەکی بۆ بکەی، دەتەوێ هەمووشتێ بزانێ. زۆرجاریش پێتوایە قسەکردنت وەکو پرشکی ئاگر، ئاگری گەورە دەنێتەوە، تۆ زۆر داخراوی هەوڵ بدە خۆت بکەرەوەو راوبۆچوونەکانی خۆت دەربڕەو هێندە لە ئەنجام مەترسێ.

-ئەگەر زۆرینەی وڵامەکانت (ج)بوو:-

زۆرباشە کە لەگەڵ هاوسەرەکەت پرس‌و راتان بەیەکتر زۆرەو هەر ئەمەش، نیشانەی بوونی متمانەیە لەنێوانتاندا. ئێوەباش لەیەکتری تێدەگەن‌و هەرکاتێ دڵنیاش نەبویت، بە ئارامی پرسیاری لێ دەکەیت‌و راوهەڵوێستی خۆتی بە ئاشکرا پێی دەڵێی.. ئافەرین بۆ ئێوە بەبێ رەنجاندنی یەکترو پێکهەڵشاخان بە ئامانج‌و خواستەکانتان دەگەن‌و بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتی شیلەی شیرینی گوڵی ژیان هەڵدەمژن.

-ئەگەر زۆرینەی وەڵامەکانت(ء)بوو:-

هەموو تاوان‌و کەم‌و کوڕیەکان لەملی خۆت دادەڕنی‌و پێتوایە، چەپڵە بەدەستێك لێ دەدرێ. ئەگەر بۆخۆشت نەتوانی، دەتەوێ خەلکی دیکەبێت تا سەرکۆنەو سەرزەنشتی هاوسەرەکەت بکات. زۆر زوو، بڕیار دەدەیت‌و کەسێکی بەهەڵەو پەلەی. زیاتر لەگەڵ، هاوکاری بکە، بۆ پاراستنی پەیوەندی هاوسەرێتی‌و بەهێزکردنی ئەو رۆژەی چوو ناگەڕێتەوە، بەخشندەو میهرەبان بە، بە ئارامی‌و شێنەیی لەکەم‌و کوڕی‌و کێشەکان بکۆڵنەوەو هەوڵ مەدە، هەموو تاوانەکان بخەیتە سەرملی ئەوو بەشداری خۆشی‌و ناخۆشی‌و چاکەو خراپەی بکە...

# لە جیهانی کاریکاتێرەوە











# مۆدمۆزیل کوکو



کچە ئەکتەری بەریتانیایی خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار(کیارا نایتلی) ڕۆڵی پاڵەوانیەتی لە کورتە فلیمێکدا بەناوی مۆدمۆزیل کوکو دەبینێ، لە دەرهێنانی جو رایتە کە باس لەژیانی نەخشەسازی جلو بەرگ ئیش دەکا.

لە لێدوانێکدا سەبارەت بە کەسایەتی شانیل (کیارا)گووتی" کەسایەتیەکی بەهێزو خاوەن سەرنجڕاکێش بووەو لە دنیادا هاوشێوەی نەبووە... کاریگەری ئەو تەنها لە نەخشەسازی جلو بەرگدا نەبوو بەڵکو لە گۆڕینی کۆمەڵگاو ئازادکردنی ئافرەتان ڕۆڵی هەبووە. فلیمەکە لەماوەی ٥ ڕۆژدا لە پاریس وێنەی گیراو بەڕێوەبەری هونەری شانیل کەناوی جاك هۆلۆیە سەرپەرشتی بەرهەمەکەی دەکردو ناوبراو لەماوەی چل ساڵی رابردوودا ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنو بەرەو پێشبردنی کەسایەتی شانیل کۆکۆ.



# دەست لەملانێ کلیلی کارکردنە لەگەڵ جۆنز

کچە ئەکتەری ئەمریکایی(شارلیز شیرۆن) ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەر لە وێنەگرتنی فلیمی( لە دۆڵی ئیلا)دا لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگ(لی جۆنز) هەستی بە شپرزەیی کردووە تا ئەو کاتەی کلیلی کارکردنی لەگەڵ ناوبراودا دۆزیوەتەوە کە ئەویش ( دەست لەملانێ)یە، شیرۆن لە کاتی ریکلام کردن بۆ ئەو فلیمە لە لۆس ئەنجلۆس گووتی"خۆشمویستو کارکردنم لەگەڵ ئەویش خۆشویستو پێموایە زۆ بەهرەمەندە، بەڵام سەرەتا دەترسام".

# جەنگی عێراق باڵ بەسەر فیلمەکانی ڤیستڤاڵی دۆفیل دا دەکێشێ



لە سیو سێیەمین خولی ڤیستڤاڵی دۆفیل جەنگی عێراق لە زۆربەی ئەو فلیمانەی بەشداری ڤیستڤاڵەکەن رەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە فلیمی( دۆڵی ئیلا) کە باس لەسەربازێکی ئەمریکا دەکات دوای گەڕانەوەی لە عێڕاق بە هەڵاتوو لە خزمەتی سەربازی لەقەڵەم دەدرێتو باوکی سەربازەکەش کە پێشتر لە پۆلیسی سەربازی بووە هاوکاری لێکۆڵەرەوەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی بەڵام کاتێك کوڕەکەی وێنەی کوژرانی خەڵكو منداڵو مەدەنیەکانی عێراقی پیشان دەدات کە بەهۆی مۆبایلەوە گرتوونی تووشی شۆك دەبێت.



# دۆفیل ئاهەنگ بۆ دۆغلاس دەگێڕێ

ئەکتەرو بەرهەمهێنەری ئەمریکایی ( مایکل دۆغلاس) خولی سیو سێهەمینی ڤیستڤاڵی سینەمای ئەمریکایی لە دۆفیلی فەرەنسا کردەوە، مایکل دۆغلاس دوای سییەمین ساڵ لە ڕێزگرتن لەباوکی کیرك دۆغلاس یەکێك لە ئەفسانەکانی سینەمای ئەمریکایی ڕێزی لێدەگیرێت.

دۆغلاسی هونەرمەند لەو ڤیستڤاڵە بە فلیمێك بەشدارە کە تیایدا ڕۆڵی باوکێك دەبینێ کە دووچاری نەخۆشی دەروونی بۆتەوەو فلیمەکە بەناو نیشانی(پادشای کالیفۆرنیا) یەو دەرهێنانی مایك کاهیلەو بڕیار وایە لەسەرەتای کردنەوەی ڤیستڤاڵەکە نمایش بکرێت.

# سەرۆكی توركیا بە هەڵە رۆژوەكەی شكاند



سەرۆكی تازەی توركیا لەكاتی سەردانێكیدا بۆ دیاربەكر لە بیری چوو كە رۆژی پێنج شەممە یەكەم رۆژی مانگی رەمەزانەو پەرادخێك ئاوی خواردۆتەوە بە بێ ئەوەی هەست پێبكا تا ئەو كاتەی رۆژنامەنوسان پرسیاری لێدەكەن( جەنابی سەرۆك بەرۆژو نیت) ئەوكات گول هەستی بە هەڵەكەی كردو تەلەفزیۆنەكانی توركیا گرتەی ئاوخواردنەوەكەیان بڵاوكردەوە هەروەك چۆن گرتەی تورەبونەكانیشیان بڵاوكردەوە كاتێك لە یەكێك لە كەسەكانی خانەخوێ تورەبوو بەو هۆیەوە.

## پەناگەكانی هیتلەر بۆ میوانان دەكرێنەوە



لە بەرزاییەكانی باشووری كۆلۆنو لەناو دارو دارستانێكی چڕو پڕدا كە شوێنێكی گرنگی لێیەو مێژووی ٦٠ساڵ لەمەوبەری ئەڵمانیای هیتلەری نازی دەگێڕێتەوەو بە گیاو قەوزە داپۆشراوە وا بڕیارە دوای نۆژەنكردنەوەو پاككردنەوەیان لەبەردەم میوانانو گەشتیاران بكرێنەوە. شیاوی باسە ئەو پەناگانەی هیتلەر چەندین ساڵ دەبوو ئیهمال كرابوونو دەستی نۆژەنكردنەوەیان پێنەگەیشتبوو، بەڵام ئەو شوێنانەی كە لەدوا ساتەكانی ژیانیدو بەر لە خۆكوشتنی هیتلەر تیایدا ژیاوە تاكو ئێستا هیچ دەستی نۆژەنكردنەوەی پێنەگەیشتووە. هەرچەندە هەندێك لەخەڵكی ناوچەی ئیفیل لەم چەند ساڵەی رابردوودا ویستبوویان بە شۆڤڵ ئەو شوێنەوارانەی هیتلەر بڕوخێنن بەهۆی ئەوەی یەك لە رەشترین سەردەمەكانی مێژووی ئەڵمانیای بە بیردێنانەوە.

## پیرێژنێك دزێك دەگرێت

لە ویلایەتی مەیامی ئەمریكا دزێك هەوڵیدا كاتی بێتاقەتی پیرێژنێك بقوزێتەوەو دزی لێبكات، بەڵام پیرێژن بەحوكمی ئەوەی لە سەردەمی گەنجیدا پاڵەوانی كێبڕكێ بووە توانی بە خێرایی بەدوای دزەدا رابكاتو بیگرێت مارتای تەمەن ٨٥ ساڵ جانتاكەی بڕی ٣٠٠ دۆلاری تێدابوو كاتێك دزەكە هەوڵی فڕاندنی دا، ولفریدو بیریز كە پۆلیسەو لەوكاتەدا لە شوێنی رووداوەكە ئامادەبووە گووتی ئەو ئافرەتێكی زۆر بەهێزو لەهەمان كاتیشدا زۆر مرۆڤ پەروەرە.

### پیاوێكی بەلجیكی

## تایەی ئۆتۆمبیلی فەرەنسیەكان پەنچەر دەكات

پیاوێكی بەلژیكی تەمەن ٣٠ساڵان هەستا بە پەنچەر كردنی تایەی دەیان ئۆتۆمبیلی فەرەنسایەكان بەهۆی ئەوەی شانازیان بەسەردا كردبوو لەكاتی یاریەكانی پاڵاوتنەكانی مۆندیالی ٢٠٠٦و دادگایی كردنی ناوبراو لەوكاتەوە تاكو ئێستا هەر بەردەوامەو چاوەڕوان دەكرێت لە ٢٥ی ئەم مانگەدا دادگاییكردنەكەی كۆتایی پێبێت، شایانی باسە ئەو پیاوە ناوی ژان بیرنار كامبیرەو لە شاری تۆرنای سنووری لەگەڵ فەرەنسا دەژیەتو هەر لەو شارە هەر ئۆتۆمبیلێك ژمارەی فەرەنسا لەسەر بایە تایەكەی پەنچەر دەكرد.





## لە ئەڵمانیادا چوار ملیۆن نەخوێندەوار هەن



تەلەفزیۆنی ئەڵمانیا لە رێگای ریكلامی وێنەییەوە هەڵمەتێكی دژی دیاردەی نەخوێندەواری لە ئەڵمانیا دەست پێكردووە، لەوانەیە ئەو هەواڵە بۆ زۆر كەس جێگای سەرسوڕمان بێت كە لە ئەڵمانیا ٤ ملیۆن نەخوێندەواری هەیە، بیتەر هۆبیرتۆس سەرۆكی یەكێتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەڵمانیا روونیكردەوە كە ئەو نەخوێندەوارانە ژنو پیاوی پێگەیشتوویان تێدایەو زۆربەشیان سەرەتاییان تەواوكردووە بەڵام ناتوانن بخوێننەوەو بنووسن بە شێوەیەك بتوانن لە كارگەكاندا كاری سادەیان پێبسپێردرێت یاخود بنێردرێن بۆ پەیمانگاكانی راهێنانو مەشقپێكردن. هەروەها هۆبیرتۆس داوای ئەوەی كرد كە قوتابخانەكانی بە خۆرایی فێركردن زۆرتر بكرێنو ئەوەشی ئاشكرا كرد كە ٨٠ هەزار منداڵی ئەڵمانی بەر لەتەواوكردنی قوتابخانەی ناوەندی واز لە خوێندن دێنن.

ئا: باوکی ژولیان

# ئەنجامدانی تاوان لە ڕێگای ئینتەرنێت



لە راپۆرتێکدا کەکۆمپانیای سیمانتیك بۆ دروستکردنی بەرنامەی پاراستنی کۆمپیوتەر بڵاویکردۆتەوە هاتووە کە ئەنجامدانی تاوانی بازرگانی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە چالاکیەکی بەرچاوو بەربڵاو بەخۆیەوە دەبینێ. راپۆرتەکەو ئەوەی ئاشکراکرد کە چەند ماڵپەڕێك هەڵدەستن بە فرۆشتنی زانیاری سەبارەت بە بانکەکانو کارتی پارە راکێشان وێڕای فرۆشتنی بەرنامەی هاککردن. شایانی گووتنە ئەو چالاکیانە کە بە تاوان دەژمێردێتو بەپێی یاسا ئەو کەسانەی پێهەڵدەستن سزا دەدرێن بەشێکە لە زنجیرە چالاکیەکی تاوانکاری کە ملیارات دۆلار داهاتیانە.

# ئەگەر بەرنامەی نیرۆت نەبوو چۆن C.D کۆپی دەکەیت

ڕێگایەکی ئاسان بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو کۆمپیوتەرەکەیاندا بەرنامەی نیرۆیان نیەو پێویستیان بەوە هەیە CD کۆپی بکەن، بەتایبەت ئەگەر کۆپی کردنەکە بۆ کارێکی بە پەلە بێت، پێویست دەکات لەو کاتەدا بەکارهێنەر سیدی رایت بە کۆمپیوتەرەکەیەوە بێت، دەتوانێت بە دوو هەنگاو کرداری کۆپی کردنەکە ئەنجام بدات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەنگاوی یەکەم cd یەکی بەتاڵ دەخرێتە ناو سیدی رایتەوەو چاوەڕێ دەکرێت تا دەکرێتەوە، دوای ئەوە دڵنیا دەبیت لەوەی هیچی لەسەر کۆپی نەکراوە. هەنگاوی دووەم دەچیت ئەو فایلەی مەبەستتە کۆپی بکەیت لەناو کۆمپیوتەرەکە کۆپی دەکەیتو لەناو CD دا paste ی دەکەیت، تا بە تەواوی دڵنیا دەبیت لەوەی paste بووە، هەنگاوی سێیەم لەسەر ئەو ئایکۆنە تایبەتەی کەلای چەپی شاشەکەیە write cd کلیك دەکەیتو چاوەڕێ دەبیت، تا تەواو دەبێت، بەم شێوەیە، کردارەکە سەرکەوتوو دەبێت




# ماوسێکی نویێ بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لە یاری کردنە



کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەاند کە ماوسێکی نوێی دروستکردووە بۆ یاریە کۆمپیوتەریەکان، لە هەوڵێکدا بۆ سوود وەرگرتن لەو پێشکە وتنە ئابووریەی بازاڕی پەیوەنددار بە یاریە کۆمپیوتەریەکان بەخۆیەوە دەبینێ. ئەو ماوسە نوێیەی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەناوی SIDE WINDER هەڵگری پێنج هەزار خاسیەتی کارکردنە. شیاوی باسکردنە کە گەورە بەرپرسانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە بازاڕی یاریە کۆمپیوتەرەکانو ماوس زۆر زیادیکردووە.



# شارب شاشایەکی LCD تازە دەخاتە بازاڕەوە

کۆمپانیای شارب پێشەنگی دروستکردنی شاشەی کریستال لە جیهاندا، شاشەیەکی نوێی خستۆتە بازارەوە کە زۆر پێشکەوتوو هەستیارەو بە پەنجەلێدان(لمس)کاردەکات. ئەوەی ئەو شاشە لە هاوشێوەکانی جیا دەکاتەوە کە ئامێرێکی هەستەوەری بینەری لەناودایە لەهەر پیکسلێکدا کە پێویست ناکات وێنەکە بخرێتە سەر شاشە بۆ گەورەکردنو مۆنتاژ کردن دەسکاری بکرێت.

# کامێرایەك تەنها وێنەی پێکەنین دەگرێت




کۆمپانیای سۆنی یابانی بۆ ئەلیکترۆنیات کامێرایەکی دیجیتاڵی نوێی DSC-T200 خستە بازاڕەوە کە لەگەڵ دەرکەوتنی پێکەنین لەسەر ڕووخساری ئەوکەسانەی دەیانەوێت وێنە بگرن، ئۆتۆماتیکی وێنەیان دەگرێتو وێنەی ئەو کەسانە دەسڕێتەوە کە پێناکەنن. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە بەکارهێنەری ئەو کامێرایە دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە باری ئاسایىو وەکو کامێرای دیکە بەکاریبهێنێت.



# گۆڕینی نووسین بۆ زمانی جوڵە

ڕۆژ بە ڕۆژ زانستی کۆمپیوتەر بەرەو پێشەوە دەڕواتو لە وڵاتی ئەمریکاش چەند قوتابیەك کە بۆ کۆمپانیای ئەی بی ئێم کار دەکەن توانیان کە زمانی نزسین بگۆڕن بۆ زمانی جوڵە لە ڕێگای سیستەمێك بەناوی(سیسی)و ئەو سیستەمە یارمەتی کەڕو لاڵەکان دەدات، شایانی باسە ئەو سیستەمە دەتوانرێت بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنو وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی بەرنامەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

# خزمەتگووزاری RSSچیە



ئەو خزمەتگووزاریە پێکهاتووە لە ئامرازێکی ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی دواینو تازەترین هەواڵ لەسەر ماڵپەڕی دڵخوازت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، لەجیاتی گەڕانو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکان ئەوا خزمەتگوزاری RSS نوێترینو تازەترین هەواڵەکانی ئەو ماڵپەڕانەت بۆ پۆست دەکات. شایانی باسە ئەو خزمەتگووزاریە لەسەر سایتی BBC بە چەند زمانێك کراوەتەوە.

# مالئاوا كاكە هەڵگوردو كاكە غەفورهیرانی



ڕێبوار محەمەد یوسف

ناپلیۆن گووتی: تەنها نووسینی رۆژنامەنووسێك دەمترسێنێت، ئەگەر هەزارەها سەربازی دوژمن رووم تێبكات ناتوانن ترسێك لەژیانمدا دروست بكەن، ئەمە قسەی گەورەترین سەركردەی جیهانە" ئەگەربەشێوەیەكی ووردتر لەم ووتە شیرینەی ناپلیۆن بڕوانینو وورد بینەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە كاری رۆژنامەنووسی چ ئاكارو ئەخلاقێكی جوانی هەیە: ئایا نووسینەكانیان دەتوانن بەرهەمێكی جوان پێشكەش بكەنو گۆبەندێك بنێنەوە.ئەگەر بەراوردی ئەوكاتەی ئەو سەردەمە بكەینو جیاوازی لەگەڵ ئێستای رۆژنامە نووسەكانی ئێمەدا بكرێت كەهەرگیز مەزەندە ناكرێت، ئایا رۆژنامەنووسەكانی ئێمە دەتوانن ببن بەو هێزە لێهاتوو نەبڕاوەی كەبتوانن بەشێك لەسەركردە گەندەڵو خۆپەرستەكان بهێننە سەرچۆك، یاخوود تەنها نووسینەكان خاڵیكردنەوەی دەرونیانەو هیچی لێ شین نابێت. لەكوردستانی خۆماندا هەزارەها رۆژنامەنووس هەیەو زۆربەشیان نووسینی جوان لەسەرلاپەرەی رۆژنامەكان دەنووسنو رۆژانە بلاوی دەكەنەوەو سەرنجو تێڕوانیەكان زیاتر خزمەتكردنی گەلەكەمانە.بەڵام بێ ئەنجام لەوەی هیچ كاتێك ئەونووسیانە بایەخیان پێنەدراوەو نەچوونەتە بواری سەرنج راكێشانو جێبەجێكردنەوە.بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەوەی دەینووسین زیاتر خاڵیكردنەوەیەو هیچی دی.

كاكە هەڵگوردو كاكەغەفوری ئازیزو خۆشەویست.من لەدوا كۆتایی ووشەكانمدا لەم گۆڤارە ئازیزو قەشەنگەی ناوچەكەمان ماڵئاوایتان لێدەكەمو بەدڵێكی پڕ لەخەمەوە ئەم ووشانە دەنووسم، كەهەرگیز حەزناكەم ماڵئاوایی لەئازیزانێك بكەم كەرۆژگارێ ئێمەی كۆكردبۆوە كەتەنها خزمەتكردنی ووشە بووە.چونكە. بڕواتان بێت تاكوو ئێستا هیچ كەسو لایەنێك پێی نەگووتووم بۆ دەنوسیت؟بەلام دڵنیام لەئایندەدا رووبەرووی قسەكردن دەبمەوەو منیش نامەوێت لەسەر ووشەكانم (نان)ی منداڵەكانم ببڕدرێت چونكە پەیداكردنی نان گرانە بەلام بڕینی زۆر ئاسانەكەئەویش بەئارەقەی ناوچاوانم پەیدام كردووە. هەر ئەوەندەش نان بڕوا كرایت كەس لێت ناپرسێتەوە، تەنها رۆژگارێك كە بۆیادگاری لەسەر خواردنەوەی مێزێكو هەڵدانی پێكێك تۆیان بیربكەوێتەوە، رەنگە لەدوایشدا پێشم بلێن بەخوا (كەرو بێ ئەقڵ)بوو بۆخۆی خستە ناو گێژاوی نوسینەوە.

برابەرێزەكان: لەم زەمەنەی ئێستادا ئازادیەكان بەرتەسك دەكرێنەوە، ووشەكان بچووك دەبنەوە راگەیاندنەكان رەنگە لەدەرئەنجامدا بەقازانجی دەسەلات كۆتایی بێت،خۆناشكرێت پەیمانێكی (١٠)ساڵەی ستراتیجی نێوان ئەم دوو حیزبە خاوەن خەباتو تێكۆشانە،هەروا بەئاسانی نادیدە بگیرێت.بۆیە دەكرێت نووسینەكان زیاتر بۆ خزمەتكردنو رەوتی بەرەو پێشچوونی گەلەكەمان بێت. دەكرێت لەمەودوا ئەو ئاراستەیە بگرینو خۆشمان نەخەینە كێشەیەكەوە كەهی ئێمەی فەقیرو هەژارنیە.ئێمە تەنها مووچەیەك شك دەبەین كەرەنگە بكاتە نیوەی مانگ پێمان نەمێنێت خۆئەمە عەیبە نیە.من بۆخۆم هەر لە چلورە فرۆشیو كرێكاریو بگرە شاگردی كەبابخانەو خزمەتكردنی بواری وەرزشو ئەوماوەی چەند ساڵە كەلەشاری قەلادزێی ئازیز ژیانم تەنها لەتاكە ژوورێكداگوزەراندووە.كە زۆربەی هاورێكانم لەم سەردەمەدا بوونە خاوەنی داگیركردنی زەوی بەرزكردنەوەی كۆشكو تەلارو ئوتومبیلی جوانو سەروەتو سامان. بەڵام لەوشارەدا تاكوو ئێستاش خاوەنی نەدوكانێكو بستە زەویەك نیم.ئەم ووشانەم بەپارانەوە لێ تێمەگە. ئەم سەردەمە زۆركەسی وەكوو ئێمەی لووش داوە.بەڵام ئەوەندە هەیە هەر لاپەرەی وەرزشەكەت بۆمن شایستەو جێگەی خۆشەویستیە كە لەدیدارەكاندا لەشاری قەلادزێو رانیە بەوەرزشەوانێكی لێهاتوو بەرەوشت باسم بكەن كەمن لێرەوە زۆر سوپاسیان دەكەم.

برابەرێزەكان تەنها خوا هەڵە ناكات، ئێمەش بەدەرنین لەهەڵەكردن.؟ئێمە كوڕی ئەم كۆمەلگا هەژارەین هەر رۆژە وڵاتێك هەڵماندەسوڕێنێت.دەبێت ئاگاشمان لەوان بێت قسەیان پێنەڵێن چونكە ئەمنی قەومی ئەوان دەكەوێتە خەتەرەوە.من زۆرم نووسی زۆریشم گووت:كەس بەپولێكی نەكڕی ئەوەندەی لەسەر گەندەڵیم نوسیووە،ئەوەندە خەمی شارەكەمم باس كردووە، پێم وابێت ئەگەر خزمەتی شەخسی خۆمم بكردایە كەس قسەی پێ نەدەگووتم.تۆدەزانیت هاورێیەكم نووسینێكی پیشاندام لەیەكێك لەسایتەكان بلاوكراوەتەوە،كەمن هەرگیز ئەوسایتەم نەدیووە چەندەها قسەی سوكو چروكو بێ ئەهمیەتی پێداوین..كەلەكاتێكدا دەبوو ئەوسایتە رێز لەكەرامەتی مرۆڤ بگرێت.قسە پێگوتن چیە،خۆئێمەش دەتوانین چەندەها قسەی دەستكرد دروست بكەین كەبەلای منەوە هەر وەك ئاو خواردنەوەیە.خۆ ئەگەر بەم قسانە بوایە دەبوو سەركردەو بەرپرسەكانو زۆرلەوكەسانەشی خزمەتی ئەم كۆمەلگایە دەكەن لەپێش هەموو كەسێكەوە ماڵئاواییان لەم وڵاتە بریندارە بكردایەو هەموو ئەو قوربانیو خەباتو تێكۆشانە جوانەیان كەهەیە، بەجێیان هێشتباو تەسلیمی ئەوانەیان بكردایە كە قسەی ناشیرین بەخەڵك دەڵێن.پرۆسەی نوسین خزمەتكردنە، خزمەتێك كەهەموومان لەئاستیدا بگەشێینەوە.نووسینێك بتوانێت دەست بخاتە سەرزامو برینەكان.ئەوبرینانەی كەچەندین ساڵە رۆچۆتە جەستەمانو تاكوو ئێستا سارێژ نەبووە.بەنووسین دەتوانین هێزێك بدەینە گەلەكەمان. جوانیەك ببەخشینە دڵو دەرونمان.گەشانەوەیەك بدەینە ناوچەكەمان كەبلێین ئێمەش گۆڤارمان هەیەو كەچەندەها قەلەم بەدەستی ئازیز نووسینی تێدا بلاودەكەنەوە؟من ناتوانم هیچ رێنماییەك بەتۆ بدەم. چونكە ئێوە دووكەسن كەتوانیوتانە ئەوهەموو خۆشەویستیە لەوناوچەیە دروست بكەن.گوێ مەدەنە قسەی زبرو ناشیرین كە دژ بەئێوە دەكرێت.خۆ ئەم كۆمەلگایە رەحم بەكەس ناكات؟ ئەوەتا خەڵك دەمرێت لەگۆریشدا وازی لێ ناهێنن. ئینجا چ ئەوكاتەی كەتۆ دەتەوێت بەرهەمێك پێشكەش بەم گەلە ستەم دیدەیە بكەیت.ئەوانەی هێرش دەكەنو تانەوشەر بۆتە پیشەیان قازانجیان لەكۆیدایە.ئەگەر قازانجو دەسكەوتی تێدایە بائێمەش پشكێكمان بەركەوێت.

لەدوایدا ماڵئاوا برابەرێزەكان، خوشكو برای رۆژنامەنوسو شاعیرو ئەدیبەكان خوێنەرانی ئەو گۆڤارە ئازیزە" زۆرم مابوو بنووسمو لە تواناشمدا هەبوو تادەرچوونی ئەو گۆڤارە بەردەوام بم.بەلام دەزانم (نان) لەپێش ئازادیەوەیە. بینیشمان كەچۆن نانی ئەو هەموو شاعیرو رۆژنامەنووسو ئەدیبانەیان بڕی.كەزۆربەیان بەرچنەیەك لەووشەی جوانیان پێشكەش بەم وولاتە كردووە.بەهیواشم بەردەوام بیتو بتوانیت لەرەخنەو رەخنە گرتن سڵ نەكەیتەوەو كاری شەخسیش تێكەڵ بەو گۆڤارە نەكەیت؟تاكوو رێچكەی خۆی دەگرێت.سڵاویش لەكاكە (سەلامی كۆمپیوتەری ئەندێش) كەدەچوومە لای ئەوەندە رووخۆشانە دەیگووت وێنەكەت چوار وەرزەیە، هەتا دەتوانی نەرم بنوسە چونكە كەس گوێت لێناگرێت. ئەوەشی لەتوانامدا بۆ نووسین بۆتان دەنێرم .ماڵئاوا ...

تێبینی: پێمان وایە نوسینەكە بەسە بۆ ئەوەی حوكمەكەی بۆ خوێنەر بەجێبێڵین، ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین زۆر سوپاس كاكە (رێبوار) بۆ ئەو هەستە جوانەت، بۆ ئەو ماوەیەی لە نۆ ژمارەدا ئەو لاپەڕەیەت بە نوسینە بەپێزو هەڵوێستەكانت رازاندبۆوە. دلگرانین بەوەی لە لاپەڕەكەت دادەبڕێی، بەلام خەمی تۆ خەمی ئێمەشەو دەرك بە قورسایی ئەو خەمەش دەكەین لەسەرشانتە، گرنگ ئەوەیە ئێمە لە راستیو پاكی ئەو پەیامەی خۆمان دڵنیاین بۆیە هەموو ئەو كۆسپو لەمپەرانە، هەموو ئەو هەوڵانەی بۆپەكخستنی ئەو پرۆژەیەی تاكە خەمی خزمەتی مەعریفەو كولتووری نەتەوەكەیەتی لەبەردەمماندا شكست دەهێنن.